وەرگێڕانی پێچەوانە … عەباس جەمیل جەماو

جەنگێك لەگەڵ ڕۆشنبیری ساختەكار

هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە، سیاسەت، پەیوەندیی، ئارامگری، زیادەڕۆیی، منجێی كردن لە بەهەڵەدا بردنی خۆنەر بەبیانووی خزمەتكردنی ئەدەبیاتی كوردی و گرنگیدان بە زمان و كولتوورەكەی، جەنگێكە كە یەخەی خوێنەری كوردی گرتووە، هەموو ئەمانە لەو گرێیەوە سەرچاوە دەگرێ كە بڕمان ناكێتەوە، ئەویش گرێی خۆبەكەمزانینە، بەتایبەتی لەنێو ئەدەب و ڕۆشنبیری كوردی كە ناتوانن دەقی خۆمالی بكە نبە زمانە زیندووەكان.
لێرە بەدواوە كە دەبینین ئەو بەناو خزمەتە زیانی زیاترە لە سوود، كەواتە ئیتر دەبێ بەو ئاراستەیە و بەو ڕێكەوتنەی نێوان بەناو وەرگێڕو بەناو خزمەتكارانەی ئەدەب و زمانی كوردی بڵێین ستێپ، ئیتر بەسە ژەهر دەرخواردی خوێنەری كورد دەدەن بەناوی خزمەت، ئیتر بەسە ئەم پاشاگەردانیەی، كە بەناو دەزگا چاپەمەنی و دەزگا ڕۆشنبیرییەكانەوە دەیكەن، كە بەئاقاری خزمەتكردنی گروپچێتی و شارچێتی و حیزبچێتی پەلیهاویشتووە.
لەبەرامبەردا بڕێَین كاتێتی وەرگێڕانی دەقی بیانی بووەستێت و وەرگێڕانی پێچەوانەوە بكرێتە هەمەت و خزمەت بە كتێبخانەی كوردی، بەواتای دەوڵەمەندكردی كتێبخانەی بیانی و عەرەب و فارس و تورکی و هتد، بە كتێبی كوردی بەڵام بە زمانی ئەوان، ئەمەش هەم بۆ ئەوان باشترە و دەماننناسن، هەم بۆ جالیەی كوردی و هەم بۆ خزمەتی ئینسانی و هەم بۆ ئەو وزە و توانا كوردیانەی، كە جگە لە كورد كەس نایاننناسێ.
هەبەت من بەو ڕەهایەش قسە ناكەم، كە توانایی زۆرێك لە وەرگێڕەكان سفر بكەمەوە، بەڵكو ئەگەر سەردەمێك ئەوان نەبونایە ئاگامان لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری گەلان نەدەبوو، بەڵام ئیتر بەسە، لەپەنای ئەم توانایانەوە ژەهر لە كتێبخانەی كوردی بڕژێن.
هاوكات بەدەر لەموجامەلە یان هەڵرشكردنەسەر لایەك، دەمەوێت لەكەی قسەكان بەڵانسی ویژدان سەنگی مەحەك بێ و بۆ هەر تەوەرێك بەپێی داتا و ئیتیكی نووسین، ئاماژەیان پێ بكەین، سەرەتایترین تەوەری ئەم بابەتەیش، ئاماژەدان بەبیرۆكەی (وەرگێڕانی پێچەوانەیە)، كە دوای ئەوەی تێگەیشتم چەند ساڵێك لەمەوبەر سمكۆ محەمەدی نوسەر و

ڕۆژنامەنووس ئەم تەرحەی کردبوو، کە لەئەزمونی سەفەرەکانی بۆ کتێبخانەکانی عەرەبی و فارسی و ئەوروپییەکان، وەکو خۆی دەیگێڕتەوە، کە خاڵین لە کتێبی کوردی، هەروەها پێشتر لەچەند وتارێکیدا لەسەر ئەم بابەتە نووسیبووی لەساڵەکانی 2009 و 2014، پاشان لەئاکاونتی فەیسبووکی یوسف مەنتك، کە بەویژدانەوە باسی بابەتێك کردووە جارێکی تر بابەتەکە سەرنجی راکێشام بۆ نووسین، کە گروپێك چۆن بەناهەق خەونەکانی نووسەر لەچاڵ دەنێن، بەکەڵك وەرگرتن لە بیرکەرەوەی و لەجیاتی بڕەودان بەو پڕۆژەیەو بەنیشتیمانی کردنی، خراپ کەڵکیان لێوەرگرت و بەشەخسەنە کرا، هەروەك چۆن لەرابووردا چەندین دەزگای زەبەلاحی وەك (ئاراس و سەردەم) و (ئینستیتۆی کەلەپوری کورد لەسلێمانی) لەبری خزمەتکردنی گشتی، خرانە خزمەت چەند کەسێکەوە.
زۆر جار دەبینین لە وەرگێڕانی دەقێکی بیانیدا، کێشەی هەرە گەورەی وەرگێڕان، دەستەوەستانی وەرگێڕە یان زانەبوونێتی لەگەیاندنی ماهیەت و بونیادە جەوهەرییەکانی دەقە وەرگێڕدراوەکە، بۆ وشە و مەبەستەکانی دەقە بنەڕەتییەکە، لەکاتێکدا هەر زمانێکیش دەگەڵتەوە بۆ ڕەشنبیرییەکی تایبەت و دیاریکراو، کە دواتر وەرگێڕ وشەکە دەگوازێتەوە بۆ زمانێکی تر، هەروەها نزیککردنەوەی ئەو ڕەشنبیرییە و سوودوەرگرتن لە کارشناسی یەکتر لەزمانەکان، لەچوارچێوەی کرداری گواستنەوەی بابەتی پشتبەستوو بە بنەما زانستییەکانی زمانزانی و زمانەوانی و لکاندنی بە زانیارییەکانەوە.
بەڵام دەبینین زیاتر لە نیو سەدەیە وەرگێڕی ئێمە ناتوانێت ئەو وشەیە بگوازێتەوە بەشێوە کاریگەرەکەی، کە بتوانێت هەستی خاوەن وشەکە وەك خۆی بگوازێتەوە بۆ زمانە دیاریکراوەکەی کە مەبەستێتی، یان ناتوانێ کورد بناسێنێ، چەند ڕەهەندێك وەردەگرێت، ئەویش یان ئەوەتا نایانەوێ دەقی کوردی بناسرێ، یان نایانەوێ بیسەلمێنن زمان نازانن، یان نایانەوێ توانا و بەهرەی نووسەرەکان بناسرێ بەئەوانی تر، وەڵامەکە هەر کام لەو ڕەهەندانە بێ، وەڵامێکی لاوازە و قانیع پێکەر نییە.
هاوکات ئێمە شاهیدی ئەوەین، کە لەدوای سالی 1991 تا ئاستێکی باش ئەدەب و ڕەشنبیری و نووسینی کوردی ئازادییەکی بە خۆیەوە بینی، کەچی لەپەنا ئەم ئازادییەوە دونیایەك هەڵەی زمانەوانی و ئیدیۆمی بۆ مانا لە وەرگێڕانی ئەو دەقانە بینران و دواتر شاردرانەوە.
لەم ڕوانگەوە بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر جۆرەکانی کەتنی ئەدەبی و بەربەست و ڕێگرییەکانی بەردەم کاری جدی و کوشتنی سەلیقە و توانا کەسیەکان و گاڵتەجارییەکانی گروپچێتی و شارچێتی و حیزبچێتی و

چەند تەوەرێکی تر دەخەینە ڕوو لە میانی چەند چاپتەرێکدا.
لەخشتەبردنی خوێنەر
ئەوەی لە زۆرێك لە وەرگێڕی کوردی دەبینین، ئەوەیە تەنها زمانە سەرەکییەکەی زمانزانی شارەزایە ئەویش بەکەمی، بێ نموونە ئەوان هیچیان گرنگی بەئیدیۆمی زمانەکانی تر نادەن یان شارەزا نیین، هەروەها ئەفسانە و شێوەزارو بن زمانەکانی تر نازانن، لەکاتێکدا هەمووان ئەوە دەزانیین هەر دەقێکی ڕەسەن پێیەتی لە ئەفسانە و شێوەزارو ئیدیۆمی ئەو زمانانە، کەچی خوێنەری کورد شارەزاییەکی لەو کێدە زمانەوانیانە وەرنەگرتووە، کە وەرگێڕی کوردی پێی بەخشیوە، بەم هۆیەوە زۆرێك لە وەرگێڕەکان لە زۆر بۆنەی ئەدەبیدا ڕووبەڕووی شەرم و ڕەخنەی توند دەکاتەوە، بێ نموونە.

• لە وەرگێڕانی بەشێك لە کتێبی (تاجر و البندقیه)ی شکسپیر لەیەکەم وشەوە، وەرگێڕ وەك گەمژەیەك پێناسەی ئاستی وشیاری و ڕۆشنفیکری خۆی دەکات، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لەناونیشانی کتێبەکەوە دەخاتەڕوو و بەسەقەتی تەرجەمەی دەکات، لەژێر ناوی (بازرگان و تفەنگ(، کە ئەمە دەیان جار لە کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵەکان و نوسین بەکۆمیدیا باسکراوە.
• لە وەرگێڕانی کتێبی (الرجال یحلقون فی السماۆ) دەکرێتە کوردی بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی (پیاوەکان لە ئاسمان تەراش ئەکەن.
• کتێبی (ئانا کارنینا)ی لیۆن تۆلستۆی دەکرێتە (من و کارنینا(.
• کتێبی (جانتا)ی بزورگی عەلەوی، کە لەکۆمەڵە چیرۆکێك پێك دێت، کە لەخانەی اربیل بێ چاپ و بڵاوکردنەوە دوای وەرگێڕانی چاپ دەکرێت، پاش خوێندنەوەی دەقە بنەڕەتییەکەی ئەتوانی هەزار و یەك سوێند بخۆیت، کە ئەمە نەئیشی عەلەوییە و نەکاری ئەو بێت، هەروەها لەکوردیش ناچێت هێند بەسەقەتی تەرجەمە کراوە، بەتایبەت لەڕووی زمانەوە.
یان بەدەیان جار بینیومانە وەرگێڕەکان داماون بەدەست وشەیەکی کەلەپوری کوردییەوە کە بنەمای زمانە، ئەویش لەبری بەکارهێنانی وشەی پوش، نووسیویانە گیای وشك.
هەروەها چەندین نموونەی تر هەیە لەو هەمەتی وەرگێڕانەی زمانەکانی دیکە بێ کوردی بەبێ هیچ فلتەرێك چاپ کراون.
بەدەر لەمانە کە نامەوێ زۆری لەسەر بڕۆم، نموونەی ریزبەندی ناوی شاعیرەکانی ئێستا و ئەوانەی پێش ئێمە، دەبینیت لە کتێبی (ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی) ناوی کەسانێکی ئاست نزم لە نووسینی شیعردا پێش ناوی مەحوی دێت، ئەبێ ئەم هەوڵە نەزۆکە چی ناوێکی لێ بنرێت..!؟

هەروەها لە (ئەنتەلۆژیای چیرۆکی کوردی) هەمان شت، کە لەنووسینی د. هیمداد حوسێنی. هەیە.
باشە ئەبێ منی خوێنەر چ گوناهێکم کردبێ وا بەم دەردەمان ببەن و لەبری چێژی زیهنی و ئاشنابوون بە دەوروبەر، ئەم هەموو ژەهرەمان دەرخوارد بدەن.
لەهەمووشی ناشیرینتر پرسەی بەچاپگەیاندنی سەدان کتێبی کرچ و کاڵ و دروستکردنی سەدان کەلکە نووسەر، لە ئەنجامی ئەو ململانێ حیزبی و شارچێتییەی، کە لەناو یەکێتی نووسەرانی کورد دەکرا، لەپەنا پەردەی زیاد کردنی ئەندام و فراوانکردنی پانتاییەکە، سەرەتایترین مەرجی وەرگرتنی ئەندام لە ریزی یەکێتی نووسەران و ناساندنیان وەك نووسەر، چاپکردنی کتێبە و دەبێ دوو کتێب کەمتری نەبێ، کە ئەمەش بێ خێی حەشاماتێکی کەلکە نووسەری لە ناو کایەکە قیت کردەوەو وەك نووسەر ناساندنی و پێناسی ئەندامێتیشی بێ دروست کردن، ئەمە لە هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسان و هونەرمەندانیش پەیەوکرا، کە زیاتر بێ مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگبوو، کە لەکاتی کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا دەنگی پێویست مسۆگەر بکەن.

دەزگا چاپەمەنییەکان و دوکانی کتێب

سەرباری ئەو شەڕ فرۆشانە، کە یەخە بە رەوتەکە بەرنادەن، سەردەمێکی ناجۆر هاتە ئاراوە لە سلێمانی و هەولێر، بێ گەانەوە بێ هیچ پەنسیپێکی زانستی یان بێ گودانە ئیتیکی رۆشنگەری، کەمەك گەنجی نەخوێندەواریان هێناوەتە کایەوەو دەزگای چاپەمەنیان بێ کراوەتەوە و بەبێ شارەزایی و ئەزموون کتێب چاپ ئەکەن بێ هیچ پشینەیەکی رۆشنبیری، لەکاتێکدا کاری لەم جۆرە پیویستی بە توانای رۆشنبیری و خوێندەری بەتوانا و ئەکادیمی هەیە، کە ببنە بەردی رۆشنبیری و لە پشتی ئەو دامەزراوانەوە بن، هەر ئەوەی ماوەیەك بینیمان تەنها بێ بازار گەرمکردن و کتێب فرۆشتن بە خوێندەری داماوی کورد، ئەویش کتێبەکانی مەولانای رۆمی و کافکا و عەزیز نەسین و.. هتد، ئەمە جگە لەوەی هیچ کامەك لەو کتێبانەی چاپ کراون فلتەری زمانەوانیان نەبینیوە و هیچ زانیاریەکیشیان لەسەر کتێبەکە نییە، ئەو نەوەیەی کە هاتوون دەزگایان بێ کراوەتەوە، بنەچەیەك و بونیادێکی رۆشنبیری کۆنی سەردەمی هەشتاکان و حەفتاکانیان نییە.

پێداگیری لەسەر بە تەرجەمە کردنی دەقی کوردی

پێ دەچێت کەشە کەهەکە بووەکانی رەوتی رۆشنگەری لە ئێستادا چەندایەتی نەبێت، بەڵکو چۆنایەتی و جۆری بێت، بەوپێیەی کە

کەیسەکان بەگشتی دەستی بەسەردا گیراوە، یان بۆدەنگ کراون یان ڕێگری لە ئاشکرابوونی کراوە بۆ دەرەوەی خۆمان، کە تێیدا دەخولێتەوە، ئەگەرچی پێشتر دەبینین هەنگاو نەنراوە بۆ بەناساندنی ڕۆشنبیری کوردی چ وەك عەقڵ و فیکری و ئەدەبییەکان یان لەرووی کەڵچەر و ئەو فرەییەی لەناوچەکەدا بوونی هەیە.
بۆیە کاتێك ئێمە پەنجە لەسەر ئەم بابەتە دادەنێین، خەڵکانێك بۆ داپۆشینی دزییە ئەدەبیەکانیان و شاردنەوەی ڕاستییەکان، ئەم بیرکەیە وا ناو دەنێن، کە گوایە ئەم فەرزکردنە بەسەر وەرگێڕدا بیرکەیەکی دیکتاتۆریانەیە، لەکاتێکدا مەگەر بۆ ئەوەی تر، ئەو لێشاوی وەرگێڕانە لەزمانەکانی ترەوە بۆ کوردی دکتاتۆریانە نییە، کە ژەهر دەرخواردی خوێنەری کورد بدەن..!؟
تۆرمان خوارد لەم قسانە و ئەبۆ کەی بناسرێین، لەو بۆچوونەدام بەشێك لەو ڕێگریانە بۆ ئاشکرا نەبوونی گزی ئەدەبی کوردییە لە ئەدەبی ئەوروپی و عەرەبی و فارسی و هتد، هەروەها لە بوارەکانی تر، بەشەکەی تریش مەترسی توانایە لەبەرامبەر توانا جددییەکان، لەمبارەوە بەپێویستی دەزانم وەکو وەڵامدانەوەیەك، ئەم ڕاستییانە بخەمە ڕوو.
• گرنگیدان بە ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕووی ناساندنی شارستانیەت و شوناسی فیکری و مەعریفی و هەروەها کەلەپوور و کەڵچەر و شوناس و فرەیی و ئاستی ڕۆشنبیری.
• بەجیهانی کردنی توانای کەسی و ناساندنیان لە ناوەندە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی جیهاندا.
• رزگارکردنی شاندی کوردی لەو شەرمەزارییەی، کە لەبانە و هەماهەنگیەڵ نوودەوڵەتیەکان، لەدەرەوەی وڵاتسازدەرێت، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی و فارس و تورك، کە زۆر نزیکن لە کوردەوە، کە زۆر جار نەیانتوانیوە وەکو پێویست وەڵامیان هەبێ، بەهۆی درێژەکێشانی ئەم دەردەوە، کە پێداگیری لێ دەکەین.
• رزگارکردنی کولتور و ڕۆشنبیریی کوردی وەك زەمینە سازییەك بۆ فەراهەمکردنی بونیادە مەعریفییەکان بۆ نەوەکانی ئایندە، کە بەنیازن لەدەرەوەی وڵات بخوێنن.
• دەرگا کردنەوە لەسەر خۆمان و دەربازبوون لەو گۆشەگیرییەی، کە ڕۆشنبیری کوردی قەتیس کردووە لە گۆشەیەکی جوگرافی.
• هەماهێنین و ئاشکرا کردنی ئەو هەموو ئیقتیباس و گزیانەی، کە لەئەنجامی نەناسینی دەقەکان لەلایەن ئەوانەوە (خەڵکی بیانی.. زمانەکانی تر)، چونکە ئەگەر بەزمانی خۆیان شتەکانی ئێمە نەخوێنەوە، لەهیچی ئێمە ناگەن و نازانن چ کارەساتێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕوویداوە.

وەرگ□انی چەند بارە

ل□رەدا ئەوەی جێی سەرسوو□مان ب□، وەرگ□انی چەند بارەیە، کە وەك خ□ویەکی گا□تەجا□ی سەریهە□داوە لەن□و زۆر□ك لە وەرگ□ەکان، نموونەی کت□بەکانی (جەنگیز ئەتیمان□ق، عەزیز نەسین، سین□هە، کت□بی دایك، هەروەها ک□گەی ئاژە□ان پ□م وابێت چوار جار کراوە بەکوردی و هەریەکەو بە شێوەیەك.. هەروەها و□رانە خاکی (ت. سی. ئیلیود) کە یەکەم جار لەلایەن مەحمود زامدارەوە تەرجەمە کرا و پاشان کەس□کی تر دوبارە تەرجەمەی کردەوە، هەوەرها بەهەمان دەرد بردنی (واعیزەکانی سو□تان)ی عەلی وەردی، کە شەش کەس تەرجەمەی ب□ کردووەو کت□بی (وەهای وت زەردەشت)ی نیچەش، کە چوار جار وەرگ□انی ب□ کراوە، هەروەها (بنەماکانی ک□مە□ناسی)ی ئەنت□نی گیدنز، کەچاپکردنی لە ژمارە نایات.

ک□شە لەوەدا نییە چەند جار وەرگ□انی ب□ کراوە بەقەد ئەوەی ئەگەر ئەو کت□بانە هەر یەکەیان بەراورد بکەیت لەگە□ دەقە بنە□ەتییەکەی هەست ناکەی نووسینی ئەوان بن، یان لەلایەکی ترەوە بەراوردی یەکیان بکەین (دەقە وەرگ□دراوەکان) هیچیان لەیەك ناچن

هەروەها ر□مانی (مسخ) ی کافکا، کە جەلیل کاکە وەیس کردوویەتی بەکوردی بەناوی (بەد گ□ان) کە دوو س□ کەسی تر کردویانەتەوە، بەناونیشانە عەرەبییەکەی بەناوی (مسخ)، ئ□مە تەنها دەقە عەرەبیەکەمان لەبەردەستە، کات□ بەراودیان دەکەین هەزار و یەك ت□بینیت لا گە□ا□ە دەبێت لەسەریان، چ جا ئەب□ لە دەقە ئەس□ییەکەیدا چی باس ب□، کە لەبنە□ەتدا بەزمانی چیکی نووسراوەتەوەو ئ□مە لێی تێناگەین، هەروەها چەندان نموونەی تر.

هاوکات وەك ئاماژەیەك ب□ قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو)ی سوهرابی سوپ□هری، کە زیاتر لە دوو جار کاری وەرگ□انی ب□ کراوە، بەپ□ویستم زانی ئاماژە بەجوان وەرگ□رانێ یەکەم جاری بکەم، کە لەلایەن ئازاد بەرزنجی و ر□بوار سیوەیلی وەرگ□درابوو، پاشان کەسان□کی دیکە دین بەهەمان مەبەست (دووبارە وەرگ□ان)ی ب□ دەکەن و کات□ ئەخو□نیتەوە لە شکاندنی سەروچاوی دەقەکە بەلاوە هیچی دی هەست پ□ ناکەیت، گوایە کاری وەرگ□انی جدی ب□ کراوە.

لەم□وانگەوە و هەر سەبارەت بە دووبارە و چەند بارەی وەرگ□ان، ئەمە لەناو و□اتانی دیکەشدا هەیە، بە□ام ئایا بەمشێوەی لای ئ□مە، کە پ□مان وایە جگە لە چاول□کەری و خ□ دەرخستن یان وەك خوێەکی ناجێ□ر بیانەو□ ب□ن ئ□مەیش کت□بمان هەیە، هیچی تری ل□ نادووریتەوە.

دەکرا بیرکردنەوەکان بەچەشن□کی تر بوایا، ب□ نموونە کورد خاوەنی

چەندین شۆڕشگێڕی دەوڵەمەندە لە ڕووی زمانەوانی و هەروەها هونەری ئاخاوتن، دەکرا ئەو چەند بارە وەرگێڕانەیە بۆ شۆڕشگێڕە جیاکان بکرایە، نەك لەیەك دەڤەردا چەق ببەستێ.

قەیرانی کتێبی کوردی لەدەرەوەی کوردستان

قەیرانی کتێبی تەرجەمەکراوی کوردی لە باڵی ئەو کتێبخانانەی دەرەوەی وڵات لەنێو کتێبخانەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی وەك ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و سوید. و هتد، قەیرانێکە کە خودی بەڕێوەبەرانی کتێبخانەکانیشی بێزار کردووە، چونکە هەم کتێبی کوردی کەمی تێدایە، هەم خوێنەری کوردی سەردانی ناکەن.
لەکاتێکدا ساڵانە تەنها حکومەت و دەزگا بەناو چاپەمەنییەکان دەچنە پێشانگای نێودەوڵەتی فرانکفۆرتی ئاڵمان و پێشانگای کتێبی میسر و پێشانگای کتێبی تاران و سنە..تاد، بە مەئیوسی کتێبەکان لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە.
یەکەم: لەبەر ئەوەی کتێبەکان نافرۆشرێن و ئەوان کتێبی کوردیان گەرەکە بە زمانی خۆیان، کە ئەمەش نییە.
دووهەم: ئەو کتێبانە بەکەڵکیان نایات وەکو داتای ئەدەبی نوێ، لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەو کتێبانە دەگەڕێننەوە بۆ کوردستان و عەقڵیان پێدا ناشکێ لانیکەم لەوێ بیبەخشن بە جالیەی کوردی یان لە کتێبخانە نێودەوڵەتییەکان دایبنێن.
زۆر جار و بەهۆکاری جیاواز، چ ئاگادار کردنەوەمان لەلایەن هەندێ لە ڕەوەندی کوردی، یان برادەرمان هەبووە چووەتە ئەوروپا دەستەو وەستان بەدیار کتێبە کوردییەکانەوە دڵش داماون و ترسی ئەوەیان لێنیشتووە، کە گوایە کار گەیشتەتە ئەوەی ئەو باڵانە دابخرێن، کەتایبەتن بە کتێبی وەرگێڕدراوی کوردی لەنێو کتێبخانەکانیان، کە ئەمە بۆ خۆی بەرکەوتەیەکی ناجۆر و سڕینەوەو پەراوێزخستنی ڕۆشنبیرییەکەی دەگەیەنێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.. بۆ نموونە بە پێی ئەو داتایانەی من دەستم کەوتووە.

• لە کتێبخانەی گەورەترین زانکۆ، نموونەی زانکۆی لوند و ئۆپسالا لە سوید، کۆی کتێبە کوردییەکانی لە باڵی کوردی دە کەمترین کتێبی تێدایە .
• هەروەها لە کتێبخانەی زانکۆی بوخم لە ئەڵمانیا، کە بە گەورەترین زانکۆی ئەڵمانی دادەنرێت، شتێك نییە بەناوی باڵی کتێبی کوردی، لەکاتێکدا زۆرترین خوێندکاری کوردی تیایدا دەخوێنن.
• هەر لەمواندگەیەوە لەسەردانکم بۆ کتێبخانەکانی ئەسکەندەریەو کتێبخانەی نیشتیمانی لەمیسر، کتێبکی کوردیم بەرچاو نەکەوت.

• هەروەها خاڵیبوونی کتێبخانەی وڵاتە عەرەبیەکانی نموونەی لوبنان و ئیمارات ..هتد، لەکتێبی کوردی.
• لەهەموو ئەوانە خراپتر ئەوەیە، کە لە بەغدای پایتەختی عێراقیش کتێبی کوردی نییە، تەنانەت ئەو پردە پەیوەندیەش نەماوە، کە لەسالەکانی 1980 و حەفتاکان بەدوا درووستکرابوو.
ئەوەشیی جێی سەرسوڕمان بێ لە دوای (2003)وە بینیمان دەسەڵاتی کوردی ئەوەندەی شەی بەدەستهێنانی وەزارەتی دارایی دەکرد ئەوەندە باسی وەزارەتی ڕۆشنبیری نەدەکرد، باکی بەم بوارە نەبوو.
وەرگێڕان و ئامادەکردن بەدەستکاریەوە
جیا لەو لێشاوی شێواندنەی، کە لەچەند نموونەیەکدا باسمان لێوەکردن، دەبینین هەندێك دەقی وەرگێڕدراو هەیە دوای وردبوونەوە لێی وەك قوربانییەك دێتە پێش چاو، کە بێ گەڵانەوە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خاوەن دەقە بنەڕەتییەکە، ئیدی قوربانی دەستبەسەراگرتن یان لاقەکردن یان لەکەدارکردن یان پەڕوپێکردنی لەشێوەی مەلەکەی مەلا نەسرەدین، کە لەئەنجامی ڕگە بە خودانی هەندێك وەرگێڕ، وەك دەستدرێژیکارێك، بەبەرگێکی تەرەوە بیخاتە بازاڕ (وەرگێڕان و ئامادەکردن یان وەرگێڕان بەدەستکاریەوە) یان دانانی کتێبی فیکری و فەلسەفییەکانی پێ زانیاری پشتبەستوو بەسەرچاوە، لەکاتێکدا کەمترین سەرچاوەیان ئاماژە پێکردووە، نموونەی.
• کتێبی ئەدەب و ئەفسانە هەروەها هزر و فەلسەفە و هتد کە بە نووسین و ئامادەکردن پێناس کراوە، لەکاتێکدا پێکهاتەی کەمەڵە وتارێکی کەراوەیە، کە دەستکاریەکە جێگەی تێامانە بۆچی بە دەستکاریەوە.!؟
• کتێبێکی 300 پەڕەی هەیە بەناونیشانی (سیستمی سیاسی) کە ناونیشان کتێبەکەیە لەبەرگی پێشەوە لەکاتێدا ناونیشانێکی تر ئەبینین لە بەرگی دواوەی هەمان کتێب، بۆیە نازانین ناونیشانی پێشەوە وەربگرین یان دواوەی کتێبەکە، کە نووسراوە (هزری فەلسەفەی سیاسی)، کە پشتی بە 28 سەرچاوە بەستووە، و سێی و چوار لەو سەرچاوانەشی هی نووسەرە، کە لەنووسینەکانی تریدا باسی لێوە کردوون، کە لەسەردەمی پێش ئیسلامەوە پیایدا هاتووە، لەکاتێکدا ئەمە قورسترین بابەتی ڕۆشنبیری و نووسینە.
ئایا بەهۆای ئەبینن کتێبێکی لەو ئاستە پشت بەکەمترین سەرچاوە ببەستێت، ئەمە بۆ خۆنەر بەجێ دێم.

ئیستیغلال کردنی نووسەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و لاسەندنەوەی خاوەندارێتی بەرهەمەکانیان
هەموو ئەمانەی باسمان لێوەکردن هێشتا بواری گفتوگۆ و چارەسەری بۆ

هۆشتوینەتەوە ئەگەر بۆیار بۆ کاری بۆ بکرێت.
بەڵام ئەوەی زۆرترین پانتایی و ئەوپەڕی سنووری بۆ ڕەوشتی تێپەڕاندبێ لە چەقی بوارەکەدا، پەیدابوونی گروپێکی هاوشێوەی بازرگانەکانی کورد، کە خەریکی کاری خراپتر لە مادەی هۆشبەر و تەهریبن، کە زۆر بەئاستەم هەستی پێ ئەکرێت، ئەویش ئەو دزی و فرت و چاوبەستنەیە بەقایل کردنی بەشێك لەنووسەران و وەرگێڕی ڕۆژهەڵات و باکور، لەبەرامبەر هەندێ پارە، دەست هەڵبگرن لە خاوەندارێتی کارەکانیان و لێرە بەناوی خۆیان بڵاوی دەکەنەوەو پاداشتەکەش بۆ ئەو نووسەرە داماوانە ڕەوانە بکەن، زۆر جاریش پاداشتەکانیشیان خوراوە.
یان خودی ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی شارەکانی مەهاباد و سنە و سەقزو مەریوان.. و ئامەد و شارەکانی دیکەی کوردستانی تورکیا..تاد، کە بەمەبەست نایانەوێت ناویان بهێنرێت وەك خاوەنی ئەو دەق و نووسینانە بەهۆی ئەو ترسەی، کە لە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمی ئاخوندەکان و دەسەڵاتی تورکی بۆ هەمان مەبەست و بەهەمان شێوە مافیان دەخورێ لەلایەن بەناو ڕۆشنبیر و نووسەر و وەرگێڕە کوردەکانی باشور.
توانا کوژراوەکان
کاتێ نووسەرێکی جدی، خاوەن دەقێکی فیکری بۆ نموونە، دەیەوێت ڕوو لە ناوەندەکانی پەخش و بڵاکراوەکان بکات بەمەستی پێدانی ژمارەی بڵاوکردنەوەو تێمارکردنی لەناو تێماری زنجیرە بڵاوکراوەکان، هەزار و یەك بۆبیانووی بۆ دێننەوە و دەبێ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەمسەر و ئەوسەری پێ بکرێ، پاشان ئەگەر ژمارەی پێ بدەن، لەکاتێکدا کێی دەقە کرچ و کاڵ و یان شتە سادەکانی ڕۆژانە و یان شیعر و چیرۆك..هتد، لەهەمان ڕۆژی داواکارییەکەی ژمارەی پێدەدرێت، کە ئەمە بۆ خۆی قسە زۆر هەڵدەگرێت و مایەی هەڵوەستەکردنە.
لەلایەکی تر چاوچنۆکی زۆرێك لە دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە بەبیانووی نەفرۆشتنی کتێبەکان نەك چاپی ناکەن، بەڵکو سەری کتێبەکانیش دەخۆن، کە پێیان سپێردراوە بەمەبەستی چاپکردنی، نمونەی ونکردنی بە ئەنقەستی دوو کتێبی نووسەر و ڕوناکبیری ڕەوانشاد (ئازاد سوبحی)، لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە لەسلێمانی.
هەروەها ڕێگری کردن لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی عەبدولخالق بەرزنجی لەوێاتە عەرەبییەکان، چونکە نەحکومەت نەدەزگا چاپەمەنییەکان نەیانتوانیوە پردی پەیوەندیی دروست بکەن لەگەڵ ئەو وێاتە عەرەبیان، کە دواتر لەچاپتەری ڕێگریەکانی بەردەم بڵاوبوونەوە وەرگێڕانی پێچەوانە بەتێروتەسەل باسی لێوەدەکەین.

ڕەگەزی کردن لە بڕاو بوونەوەی وەرگێڕانی پێچەوانە

کاتێ قسە لەسەر پێداگیری لەبڕاوکردەنەوەی وەرگێڕانی پێچەوانە دەکەین، مەبەستمان لەوە نییە ڕەگەزی لە توانا کەسییەکان بکرێ بەبڕاوکردنەوەی کتێبەکانیان لەوڕاتانی تر بەکو قسەکردنە لەسەر بڕمنەتی و فەرامۆشکردنی ئەو پێسەیە لەلایەن حکومەتەوە هەروەها دەزگاکانی پەخش و بڕاوکردنەوە، کە تائێستا نەیانتوانیوە پردێکی پەیوەندیی بێ کرانەوە بەرووی جیهاندا بکەنەوە، یان لانیکەم وڕاتانی دەوروبەر، کە دەبوو ئەمە لە ئەولەوییەتی کارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەستەی ڕاوێژکاری سەرکە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتەوە بووایا، بە حکومەتی ئێستاشەوە.
بۆیە کاتێ باسەکە دێتە سەر وەرگێڕ، ئێمە چاك ئەزانین وەرگێڕی باشمان هەیە، بەڵام ناهێڵن ئەو ئەزمونە بەرجەستە بێت بەئەنقەست، هەزار و یەك بیانوی بۆمانا دێننەوە بێ کەمتەرخەمییەکەیان.

خەمساردی بەشێك لە زمانزانەکانی کورد لە بڕەودان بە پێسەی وەرگێڕانی پێچەوانە
بەدەر لە تەوەری نەخوێندەواری و ناحاڵیبوونی زۆرێك لە پانتاییە ڕۆشبیرییەکە، کە لە ئەنجامی بەد ڕەفتاری و بەهەڵەدا چوونی زۆرێك لە بەناو وەرگێڕ زۆر وترا و ئێمەیش بەپێی بەگە و داتاکان دەمانەوێت پێیان بسەلمێنین، کە مامەڵە کردن لەتەك کاری لەم چەشنە (وەرگێڕان) گەمە نیە و بەمە ناوترێت وەرگێڕان، ئەمەی ئێوە ئەیکەن دەلالەتە لەوەی زمان نازان.
لەبەرامبەردا بەپێویستی دەبینین، کە ئاماژە بە زۆرێك لە کارەکتەری کاریگەر و بەرچاوی ناو کایە ڕۆشنبیرییەکە بکەین (فیکری، هونەری، ئەدەبی، سیاسی، فەلسەفی.. هتد)، بەتایبەت لەنێو بازنەی سەلیقەی زمانەوانی و ڕەگەزەکانی زمانزانی بەشێوە زانستییەکەی، هاوکات شێوونەوەی هەندێکیان بەهەردوو ئاستەکەیدا، چی وردبوونەوە لە قۆناغی شێوەزار و بن زارەکانی ناوخۆ یان بەپێچەوانەوە (زمانەکانی وەڕاتانی دەوروبەر و بەشێك لەنەتەوەکانی جیهان) چ لەڕابووردوو یان ئێستا، کاری باشیان کرد، درك بەبەردەوامی زۆرێکیشیان دەکری، کە ماون لەژیاندا و جێی دەستخۆشین، نمونەی (زوهدی داودی و فەلەکەدین کاکەیی و محەدین زەنگنە و حەکیم نەدیم داودی و فازڵ جاف و عەبدولڕەزاق بیمار و د.ئاوات ئەسعەدی و عەبدوڵا عەباس و کاوە تاڵەبانی و چەندینی تر).
بەڵام ئەوەی مایەی تێبینی و هەڵوەستەیە دەبێ هۆی چیبێ ئەم هەمووە بێ جارێکیش خۆیان نەدا لەقەڕەی دەقە ڕەسەنەکانی تایبەت

بە(شارستانیەت و کلتوور و مەعریفە و هونەر و ئەدەب و کەلەپوور و..هتد) ی واقیعی کوردی بەمەستی بەجیهانی کردنیی یان لانیکەم ناساندنیان بەنەتەوەکانی دەوروبەر لەچوارچێوەی وەرگێرانی زانستی.
ئەبێ بۆ ئەم تەوەرە چی خوێندنەوەیەکمان هەبێ و چۆن بۆوانینە هێکارەکانی، کەمتەرخەمی بوو یان خەمساردی یان بەمەبەست یان وەك چاولێکەری و ئاڵاستەی ئەو زانا و بیرمەند و شێشگێ و نوسەر و ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیرە کوردانەی مێژووی کۆن نوێ، کە لەخزمەتی ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی تر هەگبەی فیکرییان خاڵی کردەوە، نموونە (ئەحمەد شەوقی و ئەیوبی و نیزامی گەنجەوی و ئیبن و تەیمیە و مەعروف ڕەسافی و مەحمود ملێجی و سوعاد حوسنی و یەلماز گۆنای و سەلیم بەرەکات و عەبدولباست عەبدولسەمەد و عەلی بەدرخان و روشدی ئەبازە و ئیلهام مەدفەعی و دەیانی تر).
خۆ ئەمانیش وەکو کەسایەتی و ڕەگەز لەسەر کورد هەژمار دەکرێن، بەڵام وەکو پەروەردی عەقڵی و فیکری و ئینتیماوە نەخۆر، چونکە لەناو شارستانیەتی عەرەب و تورك و فارسدا بڕەویان بە تواناکانی خۆیاندا، لەکاتێکدا ئەم ڕۆشنبیرانەی نمونەی (فەلەکەدین کاکەیی و زوهدی داودی و ئەوانی تر) کەناومان هێنان پەروەردەی واقیعی کلتووری کوردین.
بۆیە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە، دەبێ لەم ڕووەوە قسەی خۆیان هەبێ بەتایبەتی ئەوانەی تا ئێستا بەردەوامن چ لەنووسین چ ئاڵاستەی فیکری یان چی و چی.
ئەمە لەناو هونەرمەندانیشدا بەرووڵی هەستی پێ ئەکرێت، کە هونەرمەندی کورد نەتوانیوە ڕەسەنایەتی خۆی بگەیەنێت بەدەرەوە، نمونەی مەقامەکانی (ئەڵاوەیسی و قەتار و خاوکەر و ئای ئای و حەیران و سەفەر و لاوك و هیجرانی و خورشیدی و دەیان مەقامی تر)، هەروەها گۆرانیە ڕەسەنەکان، کە نەیانتوانیوە بەفەرمی خاوەنداری بکەن و بەجیهانیی بکەن، چگە لەو توانا لۆکاڵییەی، کە لێرەو و لەوێ باسی لێوە دەکەن.
ئەکرێ بڵێین ئەو فەزەش بێ چەند هونەرمەندێك دەگەیتەوە، کە بەئیمکانیەتکی زۆر موتەوازیعەوە کاریان بێ کردوو لە ڕابووردوودا، نمونەی هونەرمەندان (عەلی مەردان و محەمەد عارف جزیری و حەسەن زیرەك و تاهیر تۆفیق و کەریم کابان و مشکێ و خاڵە سۆوێ و ڕەسول گەردی..هتد).
بۆیە لەم سەرو بەندەدا ئەوەمان بۆمان ڕوونەبێتەوە، کە کورد متمانەی بەخۆی نەبووە، یان ڕوونتر بڵێم بەڵایەوە گرنگ نەبووە کێ بێت یان چییە و یان چی کردووە و چی ئەکات، بەقەد ئەوەی هەمیشە

لەهەوڵی ناسینی خەڵکی تر بووە.
ئەمە لە سیاسەتیشدا بەهەمان ڕێچکە گوزەری کردووە، کاتێك ئەوانیتە دەسەڵاتی سیاسی و پێکهاتەی ئەحزابی کوردی لەم پارچەدا، دەبینیت لەفەرمدا بەزاری لەژێر کاریگەری فیکری ڕۆژئاوایی (ئەوروپا)، میتود و دیسپلینی کاری حیزبی داشتووەتەوە، لەجەوهەریشدا نەیتوانیوە وەك خۆی بێ و بەئاستە جەوهەرییەکەیدا بێوات، کەویستویەتی بەردەوام موجامەلەی کەنیسە و ئیسلامی سیاسی بکات و زوونتر بەمەبەستی رازیکردنی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە.
ئەکرێ بڵێین ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دیاریکردنی ئاستەکان بەو شێوەیە، کەباسمان لێوەکردن، کە کورد بەدرێژایی مێژوو لە خزمەتی زمان و فیکری ناسیۆنالیستی عەرەبیدا بووە بەبەردەوامی، نەك ناساندی خۆی، کاتێکیش دەڵێن کورد بە واتای کوردی دیندار و بێدین، موسڵمان بۆ یان یەزیدی یان کاکەیی و تاد.
ڕەهەندە جوانەکانی وەرگێڕان
بۆ گومان بۆ هەر گرنگیدانێك و بڕەودان بەڕەوتەکە (وەرگێڕان) و مامەڵەی کارەکتەرەکانی لە تەك موفرەداتەکان بەوشیاریەوە، بۆ خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستیانەن، کە ناکرێ لە ئاستیاندا چاو دابخرێن و ئاماژەیان پێ نەکرێت، هەروەك چۆن ئەمە لەناو کایە هونەری و ڕۆژنامەوانیەکانیشدا ناویان بەڕەزەوە دێ.
بۆیە بەپێوستم بینی، ناوی بەشێك لەو وەرگێڕانە وەك خۆی بێنم، کە توانیویانە تا ئاستێکی باش جێ پەنجەی خۆیان بۆ مێژوو لەناو پانتاییەکە بەجێ بهێڵن،.. نمونەی،
د. بەختیار سەجادی لەکوردیەوە بۆ فارسی، عەزیز گەردی لەزمانی تڕەوە بۆ کوردی بەڕام بەجوانی، د. بەندەر عەلی ئەکبەر شاکە لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، شەماڵ ئاکرەیی لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، جومعە جەباری لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، نەوزاد ئەحمەد لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، ڕزگار شێخانی لەکوردیەوە بۆ سویدی، ئازاد بەرزنجی لە کوردیەوە بۆ فارسی و عەرەبی، فەتاح خەتاب لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، نیهاد نەجار لە کوردیەوە بۆ عەرەبی، محمد حسێن لەکوردیەوە بۆ عەرەبی و ئینگلیزی، یوسف شوانی لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، عەبدوڵا قەرەداغی لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، موکەڕەم تاڵەبانی لەکوردیەوە بۆ عەرەبی، عوبدولخالق بەرزنجی لەکوردیەوە بۆ عەرەبی و هەروەها پێچەوانە، نەجات خۆشناو لەکوردیەوە بۆ عەرەبی.
ئەمە لەناو ڕۆژنامەنووسانیدا کەسانی شارەزا جێ پەنجەیان دیار بووە، نمونەی فەرهاد عەونی و عومەر فەرهادی، هەروەها لە ناو هونەرمەندانیش، دڵشاد محەمەد سەعید و کامگارەکان و شەهرامی نازری

و عەبدوڵا جەمال سەگرمە.

کورد ناسی لەنیوان دۆست و نەیارە بیانییەکان

کاتێ خوێندکارێکی قۆناغی باڵای زانستی لەسەروبەندی توێژینەوەیەکدایە و سەرقاڵی گەڵانە بەدوای داتا و بابەتی باوەڕپێکراو بەتایبەت لەبارەی مێژووی نوێی هەرێم و دەوروبەری یان توێژەرێك یان رۆژنامەنووسێك، بەزۆری دەبینین دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە پڵڵن کراوەکانی سەردەمی داگیرکاری ئینگلیز، بەتایبەت ئەو نووسراو و داتایانەی، کە لەچوارچێوەی مۆزەخانەکانی رۆژئاوادا پارێزراون، نمونەی یاداشتەکانی هاملتۆن و ریچ و مینۆریسکی و چەندانی تر.
کاتێ ئەوانیتە یاداشتەکانی گەریدەیەکی نموونەی هاملۆن بێت رووندەبێتەوە ئەوان ئێمەیان لەخۆمان باشتر ناسیوەو لەچەندین شوێندا ئێمەیان بە خۆمان ناساندووە کە چین و کێین، ئەمە شتێك نییە لە خۆمەوە پەنجەی بۆ ببەم و قسەی لەبارەوە بکەم، بەڵکو راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە واقیعی ناوەندە زانستییەکان لەدەیان شوێندا سەلماندوویانە، بەپشتبەستن بە توێژینەوەکان و بابەتە زانستییەکانی مێژووی نوێی ناوخۆ و ناوچەکە.
لەلایەکی تریەوە ئەگەر هەندێك بەوردی بوانینە ئەو کەسانەی، کە لەوڵاتانی تر و نەتەوەکانی تریەوە دێنە ئێرە، بەهەر هۆیەك بێت، وەك ئای زمانەکە هەوێیانداوە لە ئاست کولتووریەکەشدا چاوکراوەبن و کاری بۆ بکەن، بۆیە بەپێی ئەزموون و چەند ساڵەی کاری رۆژنامەنووسیمان، ئاشنای زۆرێك لە خوێندکار و رۆشنبیر و ئەندازیار و هونەرمەند و توێژەری جیاواز لە بوارەکان بووینەوە، نمونەی هەردوو هاوڵاتی بەرەگەز ئەمریکی (ئارت ی ئەندازیار و ئەندرێ ی توێژەر)، هەروەها ئەحمەد شەوکەت بەرەگەز عەرەبی عێراقی، دەقی کوردی ئەکرد بەعەرەبی.
پێم وابێت زۆرێك لە رۆشنبیرانی هەولێر و سلێمانی لە نزیکەوە ئەندرێ دەناسن، کە لەماوەکانی رابووردوودا سەرقاڵی چەندین لێکۆڵینەوە بوو لەسەر کلتووری کوردی، تارادەیەکی زۆر باشیش زمانی کوردی دەزانی و لەدەربڕینی وشەکاندا لەزۆربەمان شارەزاتر بوو، جیا لەمانە شارەزایەکی بەسەلیقەی هەردوو رۆباز و تەریقەتی (قادری و نەقشەبەندی) بوو، دەتوانم بڵێم لە کورد باشتر ئەو دوو رۆبازەی ئەناسی.
ئەم نموونانەش بەرچاو رووندەکەنەوە بۆ ئەوانەی، کە تا ئێستا نە خۆیان ناسیوە بەباشی نە کورد، هاتوون لاف و گەزافی مەدەنیەت لێدەدەن و

بۆشەرمانە قسە لەسەر رۆشنگەرایی وئیدۆلۆژیا و چەمکی کوردناسی دەکەن، هەروەها وانەیەك بێت بۆ ئەوانەی دەست بۆ وەرگێران دەبەن بۆ ئەوەی بیرۆك لەرەهەندەکانی تایبەت بە شوناس و ئیدیۆم و کولتوور و کەلەبووری سەرچاوەی دەقە بنەڕەتییەکان بکەنەوە.

وەرگێرانی پێچەوانە

شتێك هەیە پێی ئەوترێت وەرگێرانی پێچەوانە، وەرگێرمان هەیە نزیکەی 70 کتێبی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی جارێك بیری لەوە کردبێتەوە کتێبکی کوردی وەربگێڕتە سەر زمانکی تر، ئایا ئەمە بۆ خۆی دەلالەت لەوە ناکات کە کاکی وەرگێڕ زمانزان نیە و خەڵکی بەگەمژە دەزانێ..!؟
یان زۆرێك لەنووسەران نەیان ویستووە یان نایەنەوێ دەقەکانیان وەربگێردریت بۆ زمانەکانی تر بە هەرهۆیەك بێت، ئایا ئەبێ بۆ ئەم رەفتارە چ خوێندنەوەیەکمان هەبێ، کرچ و کاڵن یان دزی و ئیقتیباسی ئابوورانەیە..!؟ بۆ نموونە..
• هەتاوەکو (عەلی ئەشرەفی دەروێشانی) مان نەخوێندەوە، نەمازانی چ کاریگەرییك و دزینکی ئەدەبی هەیە لە نۆو کورد بۆ نموونە رۆمانی (کۆردەرە) لەکاتی خۆیدا چی هەرایەکی نایەوە.
• هەتاوەکو (فروغی فروغزاد)مان وەك خۆی نەخوێندەوە، نەمانزانی لە دیوانی (ئیگزیل) چ ئیقتیباسێکی ئاشکرا هەیە.
• هەتا (شارامی قەوامی)مان نەناسی، بۆ ئاگا بووین لە کێشەی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان.
• هەتا فیلمی (شێشی سێکسی)مان نەبینی، نەمازانی چی ئیقتیباسێکی راستەوخۆیە چیرۆکی (کەڵەکوێان و ئاسکەکچان) چۆن و چی بووە.
• هەتا (ئەزرا پاوەن)مان نەخوێندەوە شیعری کوردیمان نەناسی چ کەتنێ لە ئەدەبی رویداوە و بە ئاسانیش بەسەرماندا گوزەری دەکرد.
دەیان نمونەی تر، کە لەبەردەستن و کاتی خۆی بێت قسەیان لەبارەوە ئەکەین.
هەموو ساڵی لە پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی، کە دەزگای مەدا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە سازی دەکات، کە دەیان دەزگای فیکری و ڕۆشنبیری وڵاتانی دونیا بەشدار دەبن بە کتێبی فیکری و مەعریفی… تاد، تێیدا ئەم پرسیارە دووپات ئەکەنەوە، کە کورد وەڵامی ناداتەوە، ئەویش ئایا کورد بۆچی فیکر ناخوێنێتەوە..!؟
هۆکارەزانستیەکەی چیە، ئەم پرسیارە چیمان دێنیتەوە بیر..؟
لەچاو پێکەوتنکیدا د. مارف خەزنەدار هاتووە" لەشەستەکان دەچێتە روسیا (یەکێتی شورەوی) لەوێ یەکێك لە بیرمەندە ئەدەبیەکان

پرسیارێکی ئاڵاستە دەکات و ئەڵێ ئەوە فکرتان ناوێ.. سەنعەتتان ناوێ.. ناتانەوێ بخوێننەوە.. خێرە هەمووتان شاعیرن، لەکاتێکدا بەزمانی خۆتان ئەخوێننەوە، بێ چی ناتانەوێت بەرووی جیهاندا بکرێنەوە..!؟

لەئەنجامی باسکردنی ئەو کفتگۆیەی خەزنەدار لە چاوپێکەوتنەکانیدا لە هەفتاکان، حکومەتی ئەوسای عێراق توانی سود لەو ئاڵاستە مەعریفیە وەربگرێت و بیکاتە پڕۆژەیەکی نیشتیمانی و زەمالەی خوێندنی بێ دەیان و سەدان خوێندکاری خێی لەزرێك لەوڵاتانی ئەوروپا و روسیا و.. هتد، وەربگرێ و بیانرێتە دەرەوە بێ دوو مەبەست، کرانەوەی بە رووی جیهان و هەروەها پێگەیاندنی کادری زانستی، لەوانەش گرنگتر فێربوونی زمان، پاشان بەو هێیەوە توانیان گەشە بەفیکری ناسیۆنالیستی عەرەبی خێیان بدەن لەو چوارچێوەیەدا، بەڵام کورد نەیتوانی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و پێی وشیار بێ نە لەرابووردوو نە لە ئێستا، لەکاتێکدا پرسیارەکە ئاڵاستەکراو بوو بێ کورد..!

بۆیە ئەوەی مەبەستمانە، گرنگیدانە بە وەرگێڕانی پێچەوانە لە بازنەیەکی نیشتیمانی دوور لە شەخسەنەو کروپی پاوانخواز، نمونەی ئەو پڕۆژانەی لەزرێك لە وڵاتانی دونیا کاری لەسەر ئەکرێ و ئاستێکی باشیان بۆیوە، نمونەی ناوەندی ئەنمائی نەتەوەیی، کە توانیویانە تەبەنی پڕۆژەیەك بکەن بەناوی (مشروع مطاع الصفدی للینابیع) بەهاوکاری گروپێك لە رۆشنبیرانی عەرەب (جڕج ئەبی ساڵح و د. کەمال ئەستەفان و د. بەدرەدین عرودکی)، تەنانەت لێگەی سەر کتێبەکانیشیان لە جیهاندا ناسراوە.

کاریکاتێر لە رۆژنامەگەریی گاڵتەجاڕدا … هەندرێن خۆشناو

رۆژنامەی گاڵتەجاڕ ئەو بڵاوکراوە خولاوانەیە کە جارەها بابەتی جیاواز لە هەموو بوارەکانی ژیاندا چارەسەر دەکات، تەنیا لە لایەنگیشەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ رۆژنامەگەری گشتگیردا، ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام لە چارەسەرکردنی بابەتەکانیدا ستایلی گاڵتەجاڕیی بەکاردێنێت، لەوانەیە پلەوپایەی یەکەم تێدا بێ

بابەتە ئەدەبیەکانی وەکو چیرۆك و هۆنراوە بێت، لە جیاتی بابەتە هەواڵیەکانی وەکو هەواڵ و راپۆرت و ریپۆرتاج، بەداخەوە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا بەبەشن لەم جۆرە رۆژنامەگەرییە، سەرەڕای ئەوەی کە سەرەتای سەدەی بیستەم هەتا ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانیش بوونیان هەبووە، لەم رۆژنامانەش بۆ نمونە رۆژنامەی (الکشکول) لە میسر و رۆژنامەی (المضحك المبکی) لە سوریا، بەڵام ئێستا دەتوانین لەنێو ناونیشانەکاندا چەندین رۆژنامەی کات بەسەربردن ببینینەوە، کە ستایلی بەپێکەنین هێنان بەکاردێنن نەك گاڵتەجاڕی، و بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە نوکتە و ئەدەبی کات بەسەربردن وەکو وشە یەکترب‌ەکان و شتی دیکە دەبەستن، هەتا کاریکاتێریش لەم جۆرە رۆژنامەگەریانەدا وایاوە کە لە رۆژنامە بیانیە هاوشێوەکان دەگوازنەوە، بۆیە ناتوانرێت ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بە رۆژنامەگەریی گاڵتەجاڕ دابنرێن، چونکە خاڵی بنەڕەتی لە رۆژنامەگەری گاڵتەجاڕ ڕەخنەگرتنە، ئەم خاڵەش لە رۆژنامەگەریی کات بەسەربردن ووتە و بوونی نیە.

وایاوە کە کاریکاتێر لە رۆژنامەگەری گاڵتەجاڕدا پلەوپایەکی بنەڕەتی هەبێت، و لەگەڵ ئەدەبی گاڵتەجاڕدا تای یەکەم و دووەمی تەرازووەکە پێکدێنن، بۆیە کاریکاتێر پێویستی بە رۆژنامەگەری گاڵتەجاڕ هەیە بۆ دۆزینەوەی هەناسەدەرکی پێویست، لە کاتێکدا ئەگەر رۆژنامەگەری گشتگیر بیەوێت زۆدەڵێی بکات دەتوانێت دە کاریکاتێر بەاوبکاتەوە، ئەوا رۆژنامەگەری گاڵتەجاڕ ئەگەر بیەوێت کەمەویی بکات دەتوانێت بیست کاریکاتێر بەاوبکاتەوە، بۆیە پێمانوایە کە رۆژنامەگەری گاڵتەجاڕ ڕۆکی گەورە دەگێت لە بەرەوپێشبردنی کاریکاتێر، و ڕەخشکردن بۆ بەهرە نوێیەکان و هەل ڕەخساندن بۆیان، و کردنەوەی دەرگای کۆبەکی هونەری لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن بەهرەکان، چونکە توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە نیگارە کاریکاتێریەکانی هەیە لەسەر رووپەڕی لاپەڕەکانیدا.

گاڵتەجاڕی لە رۆژنامەگەری گاڵتەجاڕیدا لە ناوەکەیەوە دەست پێدەکات، هەر لە کاتی هەڵبژاردنی ناوی رۆژنامەکە، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کاتێك خوێنەر چاوی بە ناوی رۆژنامە یان گۆڤارەکە دەکەوێت یەکسەر بزانێت کە ئەم گۆڤارە گاڵتەجاڕە، ئەمەش بەدیدەکەین لە زۆربەی رۆژنامە گاڵتەجاڕەکان لە وڵاتە عەرەبیەکاندا، لەنێو ناونیشانەکاندا ئەم ناوانەمان بەرچاو دەکەوێت وەکو (الطبل) و (المزمار) و (الحمارة) و (الخازوق) و (الثعبان) و ئەوانی تر لەو ناوانەی کە ئاماژەن بۆ ناوەڕۆکی بەاوکراوەکان، هەر کە خوێنەر چاوی بە ناوێکی وەکو (الخازوق)

دەکەوێت، یەکسەر دەزانێت کە گۆڤارەکە سروشتێکی گاڵتەجاڕانەی هەیە، بەڵام ئەگەر ناونیشانەکە لە ناونیشانە کلاسیکیەکان بێت وەکو (الاخبار) و (النهار) و (مساء الخير) و (الراية) و (الوطن) و ناوەکانی تر، ئەوا خوێنەر قەت ئەوە ناخەمڵێنێت کە گۆڤارەکە سروشتێکی گاڵتەجاڕانەی هەبێت.

ڕۆژنامەگەری گاڵتەجاڕ لەهەر وڵاتێکدا بە گرنگترین جۆرە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێت، چونکە سروشتێکی ڕەخنەگرانەی هەیە لە هەموو بابەتەکانیدا، کەوابێت لە ئامرازە گرنگەکانی ئاماژەدان بە هەڵە و کەموکوڕی و شەرمەزاریەکانی، دەتوانین بڵێین کە ڕۆژنامەگەری گاڵتەجاڕ ئاوێنەی کۆمەڵگایە، لە کاتێکدا کە ڕۆژنامەگەری گشتگیر بە شێوەیەکی بنەڕەتی خزمەتی تەرخانکردووە بۆ بابەتە هەواڵیەکان و توێژینەوە دۆکارەکان (جیدیەکان)، و ڕۆژنامەگەری پسپۆریش بۆ چارەسەرکردنی لایەنەکانی چالاکی مرۆڤایەتی، ئەوا ڕۆژنامەگەری گاڵتەجاڕی تیشك دەخاتە سەر ئەو نەخۆشیانەی کە کۆمەڵگایەك پێوەیان دەناڵێنێت، کەوای لێدەکات وەك ئەو گوندە وابێت کە دکتۆری تێدانیە، ستایلی کارکردنی ڕۆژنامەگەری گاڵتەجاڕیش جیایە لەگەڵ ستایلی کارکردنی ڕۆژنامەکانی دیکەوە، واباوە کە دەستەی نووسەرانیش لە ڕۆژنامەی گاڵتەجاڕدا لە دوو دەستە پێکبێت یەکێکیان دەستەیەك لە نووسەرانن و ئەوی دیکەیان دەستەیەك لە کاریکاتێریستانن، لە ڕۆژنامەگەریەکانی دیکە بەش و لقی جیاواز و پەیامنێر و نووسینگەی ناوچە جیاوازەکان و ئەو شتە پێویستیانەی دیکەش هەن، هەی ئەو جیاوازیەش ئەو خەسڵەتە هەواڵگەیاندنەیە کە ڕۆژنامەگەری گشتگیر هەیەتی، کەچی ڕۆژنامەگەری گاڵتەجاڕ پشت بە هەواڵ نابەستێت وەکو ڕەگەزێکی گرنگ لە کارکردنیدا، بۆیە ئەو ستایلێکی جیاوازی هەیە لە کارکردندا.
سەبارەت بە کاریکاتێر زۆربەی ڕۆژنامە گاڵتەجارەکان کە هەرەزۆریان وەکو گۆڤاری هەفتانە یان مانگانە دەردەچن، لە بەرگی یەکەمیان کاریکاتێرێکی گەورە، و لە بەرگی دواوەش چەند کاریکاتێرێك سەبارەت بە یەك بابەت یان هەمان کاریکاتێریست یان لە ژێر ناونیشانێکی دیاریکراو بۆاوەکەنەوە، لە لاپەڕەکانی ناوەوەش چەندین کاریکاتێری سەربەخۆی جیاواز و لە ژێر ناونیشانی جیاوازەوە، و چەندین کاریکاتێری هاوشان لەگەڵ کارە ئەدەبیە گاڵتەجاڕەکاندا بۆاوەکەنەوە، کە زۆرجار ئەو نووسەرە گاڵتەجاڕە لەگەڵ کاریکاتێریستێك ڕێکدەکەون بۆ کۆشانی کاریکاتێرێك کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ بابەتەکە، زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەش گۆشەیەك یان چەند گۆشەیەکیان هەیە بۆ کاریکاتێر(پەرتر)ی کەسایەتیە کۆمەڵایەتی و

سیاسی و هونەری و وەرزشییە دیارەکان، ناونیشانی ئەو گۆشە جێگیرەش وەکو (میوانی ژمارە) یان (کەسایەتی هەفتە) یان (ئەمە بناسن …) یان ناونیشانی گونجاوی هاوشێوەی دەبێت.

لە کارە ئەرێنیەکانی رۆژنامە گۆتەجارەکان ئەوەیە کاری کاریکاتێریستان پێشکەش بە خوێنەر دەکەن، کاریکاتێریستانیش بە خوێنەر دەناسێنن، لە زۆربەی ئەم رۆژنامانە واباوە گۆشەیەکی بەردەوام هەبێت، کە چەند کاریکاتێرێکی هونەرمەندێکی دیاریکراوی تێدا بڵاوبکرێتەوە، بێ ناساندنی ئەم هونەرمەندە، بەم شێوەیەش دەبنە جێ هەناسەیەك بێ هونەرمەندان کە لێیانەوە خوێنەر بیانبینن، لە هەمان کاتدا زۆریی کاریکاتێر رۆگرنابن لەبەردەم بابەتەکانی تردا، هەروەك لە رۆژنامەگەری گشتگیر و پسپۆردا، رۆژنامەگەری گۆتەجاێ نیشتیمانی دایکی کاریکاتێرە، بۆیە توانای لە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری کاریکاتێری هەیە، بەڵکو پێویستیشی پێیانە، کاتێك کە گۆڤارە گۆتەجاێەکان کاری هونەرمەندە بەناوبانگەکان بە خوێنەر دەناسێنن، لەبەر هەمان هێ هونەرمەندە تازە پێگەیشتووەکانیش بە خوێنەران دەناسێنن، بە بوونی گۆشەیەکی گونجاوی جێگیر بێ ئەم بابەتە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا، کە کاری چەند هونەرمەندێکی گەنج پێشکەش دەکەن، بەمەش هانی بەهرەمەندان دەدەن و بەردەوام بواریان بێ دەڕەخسێنن. تایبەتمەندیش لە نێو لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامانەدا لەوانەیە وەکو رۆژنامەکانی تر کلاسیکیانە بێت، لەوانەیە بە بابەتە گرنگەکانی سیاسەت و کۆمەڵگا و کات بەسەربردن دەست پێبکەن، لە دەستپێکی لاپەڕەکانیدا بە بابەتە سیاسیەکان دەست پێبکەن، و دوایی بچنە سەر بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، دوایی بابەتە ئەدەبیەکان، لە دوالاپەڕەکانیشیدا بابەتەکانی کات بەسەربردن و پێکەنین بێت. بەم شێوەیەش رۆژنامەگەری گۆتەجاێ رۆژنامەگەری پێکەنین نیە، وەکو هەندێك وای تێدەگەن، پێکەنین لەم رۆژنامەگەریەدا مەبەست نیە بەڵکو ئامرازە، ئەگەر بە مێژووی رۆژنامەگەریدا بچینەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە رۆژنامەگەری گۆتەجاێ لە هەموو جۆرەکانی تری رۆژنامەگەری دێکار (جدی) تیرە، زۆرترین رۆژنامەن کە دووچاری سزا و پێبژاردن و داخستن دەبنەوە، زۆرترینیانن کە دووچاری پێکدادان دەبنەوە لەگەڵ چاودێریدا، و زۆرترینیانن کە دووچاری چەوسانەوە و پێوەتلانەوەی چاودێری دەبنەوە، بۆیە هەیە کە وابزانین رۆژنامەگەری گۆتەجار خاوەن پلەوپایەکی لاوەکییە، کاتێك کە لە لایەنی جۆبەجێکردنیشدا زۆر ئاسانتر لە رۆژنامەگەرییەکانی ترەوە، بابەتەکانی بەنرختر و بەهادارترن، چونکە زۆربەی بابەتەکانی دەچنە خانەی ئەفراندنەوە لە کاریکاتێر و چیرۆك و شیعرەوە، تەنانەت

هەواڵکی خۆشیش پێویستی بە کارزانیەکی زۆرتر هەیە، لە داشتنی هەواڵکی ئاسایی.

پێکەکە و کوردبـــــــــــووونکی ڕاستەقینە لە پێناو مرۆڤایەتیدا ... نوسینی: بیریار دونیا ناس

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ....



تورکیـــای ئێردۆگـــانی گۆبـــزری شەهیدانی کوردمان دێکات ... ڕزا شوان

تورکیـــا ڕۆژهەڵاتـــرین و فاشســـترین و دڕنـــدەترین دەوڵەتە لە جیهاندا، تا سەر ئێسقان دژمنی سەرسەختی کوردن، هەرگیز چاویان بە بوونی کورد دا هەڵنایات.. تا ئەمڕۆش دانیان بە ناسنامەی نەتەوەیی کـــوردا نـــاوە.. ئێردۆگـــانی دیکتـــاور کە زۆر بیربەگۆنتـــر و ڕۆژهەڵاتـــرستر و دڕنـــدەترە لە ئەتـــاتورکی گۆبەگۆ. چـــەند جـــارێک دووبارەی کردەوە، کە لە تورکیادا: یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک ئالا هەیە. واتە هەڵەی ڕاست و چەپیان بە سەر بوونی نەتەوە و زمان و ئالاکانی نەتەوەکانی تردا کێشاون. ئاشکرایە کە مەبەستی سەرکی و تایبەتییـــان لەم ئایدەلۆژیە بۆگەنەیـــان، نەتەوەی کوردمـــان و زمانی کوردیمان و ئالای کوردستانە، بەم بیر و ئایدەلۆژیە بۆگەنە

و ڕۆژپەرستییەشیان، نەوەکانیان گوێ و پەروەردە کردوون و دەکەن.. تا لە مندالییەوە رقیان لە کورد بێت.
پارتی نادادو ناگۆشپەدانی ئەردۆگان، بە هەموو شێوەیک دژمنایەتی کورد دەکەن و ژەهەی رقی ڕشیان بە کورد دەژن.. تەنانەت واز لە شەهیدان و مردووانی کوردیش ناهێنن.. بۆیاری قەدەغەکردنی ئاوشیان دا، کە نابێ بە نووسینی کوردی لاتینی لەسەر کیلەکانی گۆڕەکانی شەهیدان و مردووانی کورد بنووسرێن.. نابێت ئاو پیتە کوریانەی کە لە زمانی کوریدا هەن و لە تورکیدا نین، بە کاریان بهێنن.. نابێت لەسەر کلەکانی گۆڕەکانی شەهیدان و مردوانی کورد، بە کوردی بنووسرێن و نابێت هیچ نازناوێکی کوردیش بە مردووەکانیان لەسەر کلەکانی گۆڕەکانیان بنووسن.. دەبێت تەنیا ئاو ناوانێ بنووسن، کە لە ڕۆژنامە تورکییەکانیاندا نووسراون.
سەرکردایەتی هێزەکانی (جەندرما) لە شارچکەی (سیلوان) ی سەر بە شاری ئامەد لە باکووری کوردستاندا، پێوەندییان کردوون بە خاوەن و بە کەسوکاری شەهیدان و مردووە نێژراوەکانی کورد لەو شارچکەیەدا.. ئاو شەهیدانەش لە لایەن سوپا و میتی زەو و پۆلیسی تورکیاوە، بە ناڕەوا شەهید کراون.. بانگیان کردوون بۆ دایرەی پۆلیسی سیلوان و فرمانیان پێکردوون.. کلەکانی گۆڕەکانی مردووەکانیان بووخێنن و بە کەلی تر بیان گۆڕن، نابێت هیچ پیتێکی کوردی کە لە زمانی تورکیدا نییە بەکاربهێن.. ناشبێت هیچ نازناوێکی کوردی لەسەر کلەکانی گۆڕەکانیان بنووسن. تەنیا ئاو ناوانێ بنووسن، کە لە ڕۆژنامەکانیاندا نووسراون.. ئەمە فەرمانێ دەبێت جێبەجێیان بکەن.
بەشکی زۆری خاوەن و کەسوکاری مردووە بانگکراوەکان، ئەم بڕیارە شۆڤێنیانەیان ڕەتکردۆوە.. هەر لە ناو دایرەی پۆلیسی سیلواندا، جەندرمە دەندەکان کەوتنە لەدان و ئەشکەنجەدانی ئاو خزانانێ و هەڕەشەی زیندانی کردنیان لەکردوون.. مەڕەتی چەند ڕۆژێکی کەمیان بە دیاری کردوون.. کە دەبێت ئاو کلە گۆڕانیان بشکێنن و وێنەی کیلە شکاوەکانیشیان بە بهێنن.. تا دنیابن کە شکاندوویانن.. هەڕەشەی ئاوشیان لەکردن، گەر نەیان شکێنن.. ئاوا ئەمە ئاو کیلانە دشکێنن و گۆڕەکانیشیان لە بنەوە هەڵدەکێنین و تەرمی مردووەکانیشتان کەس نازانێت کە لە کوێدا فڕێیان دەدەین.
نامەردی و بێڕەزیکردن بە گۆڕی مردووان، لە تورکیادا نابێت، لە هیچ وڵاتێکی تری جیهاندا بەرۆوشتی وا نەکراوە.. ئەمە پێچوانەی هەموو یاسا و ڕەسا و ڕۆوشتێکە.
پشتریش ڕژمی تورکیا، بۆیاری ئاوی دەرکردبوو، کە هەموو نووسینێکی هەوسراو (لافیتە) بە زمانی کوردی قەدەغەیە.. ناشبێت

هیچ خولێک بە فەربوونی زمانی کوردی بکرێتەوە.. لە تورکیادا، لە زمانی تورکی زیاتر، بە فەرمی هیچ بە بەکارهێنانی هیچ زمانێکی تر نادرێت. ئەمەش شتێکی تازە نییە لە تورکیادا لە ئێتاتاتورکی رەگەزپەرستی گەورەوە، تا دەگاتە ئەردۆگانی رەگەزپەرست و ستەمکار، زمانی کوردی قەدەغە کراوە.. تا ئەمەش خوێندن و بە کوردی نووسین لە تورکیادا بە تاوان دادەنرێت.
لە ساڵی (١٩٩١) دا، ژنە سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و قارەمانی کوردمان (لەیلا زانا) کە لە ساڵی (١٩٦١) لە شارۆچکەی (سیلوان)ی سەر بە شاری (ئامەد) لەدایک بووە. یەکەمین ئافرەتی پەرلەمانتاری کوردە لە پەرلەمانی تورکیا، خەی شەش پەرلەمانتاری کورد (سەلیم ساداک، ئەرهان دۆغان، خەتیب دیجلە، زوبەر ئایدا، بەشار کاباش) لە ڕووسمی سوێندخواردنی پەرلەمانی تورکیادا، لەیلا زانا یەکەم کەس بوو کە بە زمانی کوردی سوێندی پەرلەمانی خوارد. هاوەڵ پەرلەمانتارەکانیشی بە دوای ئەودا ئەوانیش بە کوردی سوێندیان خوارد.. لەیلا لە شەوەی هەر سێ ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانیش ناوچەوان بەستێکی بە ناوچەوانییەوە بەست.. بەمەش عەرشی تورکیا هەژاند و بوو بە سیمبولێکی سیاسی و بە هەمایەکی نەمری ئازایی و دڵێری و بوێری ژنانی کوردمان.
تورکیا ئەم سوێندخواردنەی لەیلا زانا و هاوەڵەکانی بە زمانی کوردی، بە نایاسایی و بە تاوان دا.. لەیلا زانا و سەلیم ساداک هەر یەکەیان بە پانزە ساڵ زیندانی سزادران. دوای ئەوەی کە بە ماوەی دە ساڵ لە زیندانda ماونەوە.. لەسەر فشاری پەرلەمانی ئەوروپی، تورکیا ناچاربوو کە لەیلا زانا و هاوەڵەکەی ئازاد بکەن.
عەلی باباجان سەرکی (پارتی دیموکراسی و پێشکەوتن) کە کورتکراوەکەی (دیقا) یە، بە زمانی تورکی بە واتای (چارەسەر) دێت.. لە یەکەمین وتاریدا، لە یەکەمین کۆنگرەی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی پارتەکەیدا،وتی: دەبێت دەستوور هەموار بکرێتەوە و بگۆڕێت.
باباجان وتیشی: کێشەی کورد بە هەی دەستووریەوە دروست بووە، کە تێیدا گەلێک لە بوونی بەبەشکراوە.. وتیشی: ئەگەر ئەمە مافەکانی گەلی کوردمان لە دەستوورda زامن کرد و بە مافەکانی خەیان بگەن، ئیدی پەکەکەش نامێنێت.
باباجان توانجی لە ئەردۆگانی دیکتاتەر گرت و وتی: تورکیا شوێنی دیکتاتەریەت نییە.
عەلی باباجان لە بارەی دژایەتیکردن و توندوتیژی نواندن، بەرانبەر بە زمانەکانی تر لە تورکیادا، بە ڕاست و ڕەوا نازانن، جەختی لەسەر ئەوە کرد، کە خوێندن و ڕەشنبیری بە زمانە جیاوازەکانی

نەتەوەکانی تر لە تورکیادا، مافەکی مرۆڤایەتی بنەڕەتییە و پێویستییەکی پەروەردەییە.. پێویستە دەستکاری دەستوور بکرێت، تا هەموو هاوڵاتیان لە نەتەوەکانی تر زمانی دایکیان بەکاربهێنن.
عەلی باباجان: دیموکراتی دەبێت فاکتەری سەرەکی بێت، لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئەو بۆچوونەشی دا، کە ڕێ بە نەتەوەکانی تر دەدرێن، کە پابەند نەبن بە زمانی تورکییەوە.. بە ئازادی زمانی ڕەسمانی خۆیان بەکاربهێنن.
باباجان وتیشی: دانانمان بە مافەکانی کورد بە (پەکەکە)ەوە گرێ نادەین، بەڵکو دان بە هەموو مافەکانیاندا دەنێین.
بەشێک لە سیاسەتمەدارانی باڵای تورک، پێیان وایە کە کێشەی کورد لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە بووە بە کێشەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.. بە لەشکرتاری و داپڵاسین و سەرکوتکردن و کوشتن و بڕین و بەندکردن، چارەسەری کێشەی کورد ناکرێت.. بەڵکو لە ڕێی دانووسان و گفتوگۆ و دانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەتە چارەسەرکردن.

بە تورک بە مافی خۆی دەزانێت کە بە زمانی تورکی بخوێنێ و بنووسێ و بدوێت، ئەی بە ئەمەی پێنجا ملیۆن کورد کە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆمانین. مافی ئەوەمان نەبێت، کە بە زمانی باوباپیرانمان، زمانی ڕەسمانی کوردیمان بخوێنین و بنووسین و بدوێین..؟ ئەم مافە بە ئەوانی تورک ڕەوایە و بە ئەمەی کورد ناڕەوایە. یا بانگە و دوو هەوایە؟

بە کەمینەیەکی تورکمان لە شاری هەولێر و کەرکووکدا، بە زمانی تورکی و بە لاتینی تورکی دەخوێنن و دەنووسن و زانکۆیان هەیە.. ئەی بە زیاتر لە (بیست و پێنج) ملیۆن کورد لە باکووری کوردستاندا، نەک بۆیان نییە کە بە زمانی کوردی بخوێنن و بنووسن، بەڵکو تەنانەت ئەو مافەشیان پێ ڕەوا نابینن، کە لە خاکی کوردستاندا، نەک لە خاکی تورکیادا، لەسەر کەلەکانی گەڕیلاکانی شەهیدان و مردووەکانیان، بە لاتینی کوردی ناو و نازناوی شەهیدەکان و مردووەکانیان بنووسن..؟!

ئەم تاوانە قێزەون و نامەردییانە و نامرۆیانەی تورکیا، نە یەکەمین تاوان و بڕوشتییانە، نە دوا تاوانیشیان دەبێت.. تاوانی زۆری لەمە نامەردیتریان دەرهەق بە شەهیدان و مردووانی گەلی کوردمان ئەنجام داون. بە نموونە:
زانا و مامۆستای گەورە و بەناوبانگی کوردمان (سەعید نوورسی: ١٨٧٦ـ ١٩٦٠) کە بە (بەدیعولزەمان) ناسراوە، کە لە ساڵی (١٩٦٠) دا کەچی دوایی کرد، لە شاری ماردین لە باکووری کوردستان، بە خاکیان

سپارد.. لە دوای چوار مانگ لە ناشتنی، جەندرمەی تورکیا هاتن و قەدەغەکردنی هاتوچوونیان لە شاری (ماردین) دا راگەیاند. تەرمەکەی (سەعید نورسی) یان، لە گۆڕەکەی دەرهێنا و بە فڕۆکەیەک بردیان.. ئەوسا و ئێستاش کەس نازانێت چیان لە تەرمەکەی کرد!
لە ساڵی (٢٠١٦) دا، جەندرمەی تورکی، بە یارمەتی وەزیری ناوخۆی تورکیا، تەرمی (٤٩) شەهیدی گەریلاکانی کوردیان، لەناو گۆڕستانی (چیای باگەن) ی نزیک شاری ماردین لە گۆڕەکانیان دەرهێنان.. کەس نازانێت بۆ کوێ بردیانیان و چیان لێکردوون.
ئەمساڵیش، هەر بە یارمەتی وەزیری ناوخۆی رژێمی تورکیا، لە ناوچەی (کارزان) لە باکووری کوردستان، جەندرمەکانی سوپاتان ئەردۆگانی ئیسلامی تەرمی (٢٦٧) گەریلای شەهیدیان لە گۆڕەکانیان دەرکرد و گۆڕەکانیان تێک دان.. بێ ئاوڕی ئاگاداری خاوەنی شەهیدەکان بکەنەوە. کەسیش نازانێت تەرمەکانیان بۆ کوێ بردن و چیان لێکردوون!
هەر وەزیری ناوخۆی تورکیا، بە یاری ئاوڕشی دەرکردووە، کە سەرجەم گۆڕستانەکانی شەهیدانی باکووری کوردستان، کە ژمارەیان (١٤) گۆڕستانە هەر هەمووی بەووخەنن و تەرمی شەهیدەکانیش لە گۆڕەکانیاندا دەربکەن و بیان بەن و لە شوێنکی نازانراودا. خەیان دەزانن چیان لێدەکەن.
بە دووریشی مەزانن، کە وەزیری ناوخۆی رژێمی تورکیا، ئەو بە یارمەتی دەربکات، کە گۆڕی (مەم و زین) یش، کە لە شاری (بایەزید) لە باکووری کوردستان دایە، ئەو گۆڕەش هەبتەکەنن.. چونکە هەموو تاوان و ڕەفتارێکی ناشیرینیان لێدەوەشتەوە.
ئەمانەیە نامەردی و تاوانە قێزەونەکانی، سوپاتان ئەردۆگانی دیکتاتەر و نەژادپەرستی سەرکی (ئیخوانولشەیاتین) و سەرکردەی جاشە ئیسلامیەیە بکرگیراوەکانی سوریا و لیبیا و کوردستان.. ئەردۆگانی دامەزرێنەری داعشی تیرەریست.. ئەمانەیە تاوانکانی پارتی ناداد و ناگۆشپێدانی ئەردۆگان. ئەمانەیە ئازادی و یموکراتی و ڕێزگرتنی تورکیا لە مافکانی مرۆڤ.. هەرگیز لە وێنەی نامەردی و دڕندەیی و ڕقەشی و ڕاگەزپەرستی تورک لە جیهاندا نەبووە و نییە.. مەگەر تەنها شۆفێنی عەرەبی و ئاخوندکانی سەدار، لە هاوشێوەی ئەردۆگان و تورکیا ڕاگەزپەرست دابن، ئەوانیش هاوپیلان و هاوتاوانن و هاوڕاگەزپەرستن، ئەوانیش تاوانکی زەریان دەرهەق بە گەلی کوردمان کردوون و دەیکەن.. هەموو کاتکیش ئەم داگیرکەرانەی کوردستان پکەوە بە گەلکەمەیی تێگبیر و پیلانی کەمەکوژی کوردیان داشتوون و جێبەجێیان کردوون و تا ئەمەش هاوپیلانن لە دژی بەدەستهێنانی مافکانی کوردمان.. سیاسەتی (پارتکە و زاپە) و

پیلانی کوشتنی کورد بە کوریان داشتوون.
ئەم تاوانە قێزەونانەی تورکیا، بە ئەمە و بە دونیە ناگەنەوە.. ئەمانە لە باوباپیرە خونەخۆر و داگیرکەر و نامەردکانی عوسمانییکانیانەوە، بە میراتی بۆیان ماونەتەوە و بونە بەشک لە کولتووری بگەنیان و لە بەربوشتیان.. شانازیش بەم تاوانانیانەوە دکەن.. کورد دژمنت: مردوو شۆیتان دستی لە هەڵدگرت.. بەڵام تورکیای نامەرد دستیان لە مردووی کورد هەڵنەگرتوون.. مەبەستی رژمی تورکیا لەم تاوانانە و کارە چەپەڵانیان.. گەورەبزرکردنی شەهیدانی کوردمانە.. بەربەرەکانێکردن و سوکایەتی کردنە بە شەهیدان و بە مردووانی کوردمان.. مەبەستیان ئازاردانی دڕوونی کوردە.. بەڵام لە هەمان کاتدا نامەردی و دندەیی و قێزەونی خۆیان دەردەخەن.. سووکایەتی و بەرەنگاربونەوە خۆیان دکەن.. نامەردیش هەر لە نامەرد دەوشێتەوە.. ئەم تاوانە قێزەونانەشیان دچنە ناو تەماری میژووی سەرتاپا ڕەش و قێزەون و بگەنیان.. میژوویک کە لە تاوان و تراژیدیای خونەشتن و دندەیی و نامەردی و دزی و تالانی و بەربەرەکانێکردن بەرانبەر بە گەلانی ئازادیخواز و مافخواز و ئاشتیخواز، هیچی تری تدا نابینین.. لە یەکەمین لاپەڕەی میژووی تورکیاوە تا دوایەمین لاپەڕەیان، هیچ خەسڵەتێکی جوان و چاکە و پیاوەتی و مرۆڤایەتییان تدا نین.. تا بیانکەن بە منەت بەسەر گەلانی ترەوە.

بە هەزاران هەزا تف و نەفرەتان لێبێت.. ئەی داگیرکەرانی نامەرد و دندە و نامرۆڤ.
بە تونەدی سەرکونەی ئەم تاوانە قێزەونانەی ئەردگان و رژمە ڕەگەزپەرستەکەی دکەین.. ئەو ڕژەش بە دوور نازانین، کە تختی وەربگەڕێت و خەی رژمەکەشی رسوا و شەرمەزار و ڕووەڕەش و سەرشۆڕ و چاوشۆڕ ببن و ببن بە پەندی زمانە.

ڕزا شوان
نەرویج: ٢٦/ئەپریل/٢٠٢٠

ناخۆشی لەپاش ناخۆشی.. ئەی کەی خۆشی دێت؟ … ئەحمەد کامەران

هەرکاتێك ناوی مۆڤ و مۆڤایەتی دەهێنرێت, راستەوخۆ لەپاڵی دا دوو دەستەواژەی گرنگیش دێتە ئاراوە کە ژیانی مۆڤەکانی تێدا بەند کراوە, ئەویش خۆشیەکان و ناخۆشیەکانە, واتە مۆڤ بە درێژایی تەمەنی کە لەسەر ئەم گۆی زەویەدا ژیان بەی دەکات, بەردەوام لەدەوری دووبازنەدا دەخولێتەوە , کە ئەویش بازنەی خۆشی و بەختەوەریە, لەگەڵ بازنەی ناخۆشی و نائارامیە, کەچی زۆر جار هەیە مۆڤانێك بەدرێژایی تەمەنیان تەنیا لە بازنەی خۆشی دا دەژین هەتاوەکو ئەو کاتەی ماڵئاوایی دەکەن, ڕەنگە جار بەجارێك بکەونە ناو بازنەیەکی بچووکی ناخۆشیەوە بەڵام لەماوەیەکی کەم لەو بازنەیە دێنە دەرەوەو دەگەڕێنەوە بۆ بازنکەی خۆیان کە ئەویش خۆشی و ئارامیەکەیانە, لە پاڵ ئەوەدا مۆڤانێکی زۆر هەن لەسەر ئەم گۆی زەویەدا بەردەوام هەموو چرك هەساتێکیان لە ناخۆشی و نائارامی دایە و لەگەڵ چەندین دەڵاوکێ دا, ئەگەرچی ئەو مۆڤانە بەدرێژایی تەمەنیان تەنیا لە فرسەتێکدا دەکەنە بازنەی خۆشی و بەختەوەریەوە , بەڵام ئەو خۆشیەیان بۆ هەتا هەتایە نابێت و دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ بازنە ناخۆشەکەی ژیانی خۆیان , کە ئەمەش بۆتە هۆکارێك نەهێشتنی دادپەروەری لەنێوان مۆڤەکان دا.

سەبارەت بەبازنەی خۆشی و ناخۆشی دا ئەگەر بێت و گەڵك بەنموونە بهێنینەوە کە ئەویش گەلی کوردە, کە بەردەوام ئەم گەلە لەهەموو ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دا بە درێژایی مێژووی خۆیدا, کەچی بەردەوام خۆیان لەنێو بازنەی ناخۆشی ونا ئارامی دا بینیوەتەوە, هەرچەندە لەکۆتایەکانی ساڵی 2019 گەلی کورد ئاواتی ئەوەی خواست کە ئیتر کۆتایی بەسەرجەم ئەو ناخۆشیانە بهێنرێت کە لەساڵانی ڕابردوودا بەسەریان داهات کە تێیدا مووچەکانیان پاشکەوت کرا و لەلایەکی تره جەنگ ڕووی دا لەگەڵ چەندین فشاری دەڕوونی دیکەدا… , بەڵام خەڵکی هەموویان وتیان لەپاش هەموو ناخۆشیەك خۆشیەکی گەورە بەڵێنەیە, بەڵام ئیتر پەندە بۆ ئێستا باوی نەماوە , چوونکە هەر لەسەرەتای ساڵی تازەی 2020 وە خەڵکی ترسیان لەهەڵگیرسانی جەنگێك هەبوو لەنێوان ئەمریکا و ئێران دا بەهۆی سەختی گرژیەکانیان دا, کەچی جەنگە ڕووی نەدا, بەڵام لەپاش ئەوەدا , جیهان کەوتە ژێر ڤایرۆسکی کووشندەوە کە بەناوی کۆڤید 19 وە(کۆرۆنا) کە بەهەزاران خەڵکی کووشت , هەبەتە هەرمی

کوردستانیش بۆ بەش نەبووە لەم قایرۆسە کووشندەیە بەڵان ئەوەی جێگای دڵخۆشیە کە نەیتوانی بەشێوەیەکی فراوان بڵاوببێتەوە بەناو خەڵکی هەرێمی کوردستان دا, بەڵام ئەمەش بووە گەورەترین ناخۆشی بۆ جیهان و بەتایبەتیش بۆ گەلی کورد کە لە چاوەڕوانی ساڵێکی خۆش و ئارامی دابوون بەڵأم پێچەوانەکەی بوو, جیاوازتر لە لەم قایرۆسە دابەزینی نەوتیش بۆ خەڵکی هەرێمی کورستان دووبارە مەترسیدارترین ناخۆشیە کە ئەمەش دەبێتە دواکەوتن و بۆ چارەنووس کردنی موچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دا, لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان خاوەن حکومەتێکی چاکساز و دادپەروەر نیە هەتاوەکو ئێستا کە بێت و بەڵنی نەفەوتانی موچە بدات بەهاوڵاتیەکانی خۆی لەم بارودۆخە هەستیارەدا, ئیتر ئەمانە چەندین ناخۆشی دیکە …بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێگای تێبینیە ئەوەیە کە دووبارە گەلی کورد ئاوات دەخوازێت کە ساڵی 2021 بۆی ساڵێکی پڕ لەخۆشی و ئارامی دا بێت و چیتر نەکەونە ناو بازنەی ناخۆشیەکان دا , بۆیە دەبێت لە ئێستاوە چاوەڕێی ساڵێکی تردا بکەین بۆ ئەوەی بزانین کە جارێکی تر دەکەوینە ناو بازنەیەکی قولتری ناخۆشی , یاخود بەپێچەوانەوە دەکەوینە نێو بانەیەکی پڕاو پڕ لە خۆشی و ئارامی دا کە هەرگیز لەو بازنەیە دەرناچین.

کێ بـــاری کوردســـتان راســـت دەکاتەوە؟ … عیماد عەلی

ئەم بارەی کوردستان وا لاربێتەوە، کە بەهەمان شێوەی ئەو بەردەیە نەزانێك فێڵی دابێتە نێو گۆمێكەوە، بە هەزار زانا نەتوانن دەریكەن، بەڵام ئەگەر ویستی راستەقینە و ڕۆژەیەك لە دڵسۆزی بەتـایبەتی لـە نـێـو گەنجانـدا مـابێت، تەنهـا بـە ئێسـتێکو بەخۆداچونەوەی دروست و دوور لە هەندێك بەرژەوەندی، دەکریت هەر هیچ نەبێت تا ڕادەیەکی کەم لەو کۆمەڵگیە رزگار بین. چۆن؟
